## به ناوی خوای گەورە ومیهرەبان

## بانگەوازێك لە ئەمیندارێتی و سەرکردایەتی هۆزەکانی بڵباس لەباشووری کوردستان

### بۆ : دەنگدان لە پێناوی نەهێشتنی نەهامەتی کورد دا

وەك خوای گەورە لە قوورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی ( وتعاونوا علی البر و التقوی ولا تعاونوا علی الأثم والعدوان ) کوردینە : دەنگدان بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لیستی (730) دەنگدان نییە بە هیچ حیزب و گرووپێك ویان کەسایەتی یەك ، بەلکو دەنگدانە بە رزگاربوونی نەوە کانمان لە راپێچ کردنیان بۆ زیندانەکانی شۆڤینیە (عەرەب)ەکان و دە نگدانە بە (42) ملیۆن کورد ، چونکە لەدیر زەمانە وە ئیمە لە ئەندیشەی ژێر دەستەیداین ، کورد بە هەر جۆریك بی نیمچە سەر بەخۆیی یەکی بەدەست هیناوە بەخوێنی زیاد لە نیو ملیون شەهید لە ماوەی ئەم هەشتا و دوو سالەیدا کەبەزۆر کوردستانیان لکاندووە بە عیراقیکی دروست کراوە وە ، هیوا دارین هەموو کورد بەیەك دەنگ بچنە سەر سندوقی دەنگدان نەك بلێین چیمان بۆ کراوە ، هەر کە سیك کە بیەوی خانویك دروست بکات بە بی کەم و کوری نابی ، ئیمەش نالێین کەم و کری نی یە بەلام کەلە کەمان نابی بکەینە (گۆشتی سەر چەپەر) بۆ شۆ ڤینی عەرەب وەکو خۆتان لە زانن و شایەتی زیندوون ، ئەوەتا ماوەی چەند سالە رزگارمان بووە لە دەست سەدامی خوێن رێژ و دار و دەستەکەی ، کاسبانی کورد نەیان توانیوە بە ئازادی بچنە بەغدا ، یان گیراون و بە پارەیەکی زۆر بەردراون یان سەر براون ، خۆ ئەگەر هەر یەکیك لەئیمە کراسیك لە پەرەی قورئانی پیرۆز لەبەر بکەین بروامان پێناکەن و هەر بەخائین و خۆ فرۆشمان دەزانن هەر دەلین (انتم اکراد خونة) ، رۆژیك لە رۆژان ئیمە ئەخلاقمان رێی پێ نەداوین بەوان بلێین (اعراب) کە سی جار لە قورئانی پیرۆزدا ناویان بە (اعراب) هاتووە ، بۆ کاتژمێریك خۆتان ونەوەکانتان مەکەنە قۆچی قوربانی ، لە پاشە رۆژدا دەبنە جێی تانە وتەشەری نەوەکانمان ،خۆ ئەگەر ئێمە ناو یکمان بۆ دروست بی دەتوانین ناوەرۆکەکەی چاك بکەین بەبێ ئەوەی دوژمنێك پی بخاتە ناو خاکمانەوە...

لیرەشەوە داوا لە هەموو کوردو خەلکی بەشەرەف دەکەین بەنیر ومێ وە چاکی مەردی بکەن بەلادا بەدلێکی گەورە ونەقلێکی فراوانەوە بچن بەپیر هەلبژاردنەوە ، نەکەن بەدستی خۆتان ئاگر بنین بەمالی خۆتانەوە ، نەبیتراوە کەس بە دەستی خۆی چاوی خۆی کوێر بکات کوردیش چاوی خۆمانە ، ئەوەش بزانن تاکە لیستێك کە لە بەرژەوەندی کوردو خاکی کوردستاندایە لیستی (730) یە ، زۆر ناشیرینە ئێمە دەنگ بدەین بە لیستێك لەخزمەت شۆڤینی عەربدا بێ. یان بلێین هیچمان بۆ نەکراوە ، دەست لە دەست وقوەت لەخوا با شیری دایکمان حەلال کەین.هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین ... لەگە ل ریزماندا .

| | |
|---|---|
| ل/کۆی سەر کردایەتی هۆزەکانی بڵباس | ئەمینداری هۆزەکانی بڵباس |
| لە باشووری کوردستان | لەباشووری کوردستان |
| حاجی ئیبراهیم محەمەد ئەمین | محەمەد بێورەیی |

ئەمینداری هۆزەکانی بڵباس
محمد بێورەیی
Amendary Hozakany Bilbas